## د.عەباس مستەفا وەسانی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی دۆستایەتی کوردی-یابانی: کورد لە یابان نوێنەرایەتی نی یە و

# باڵوێزخانەی عێراقیش لە یابان کوردی تێدا نییە

■ ئا: باوکی رامان

لەمانگی ٨ /٢٠٠٧ شاندێکی کورد لەساڵیادی کیمیابارانی هێرۆشیما بەرەو یابان بەرێ کەوتن بۆ ئاگاداربوون لە هەندێك وردەکاری هەڵگۆرد بە پێویستی زانی ماموستا عەباس مستەفا وەسانی بدوێنێ.

پرسیار : جەنابتان لەم ماوەیە بەوەفدێك بەشداری ساڵرۆژی کارەساتی (هیرۆشیما)تان کرد لە یابان, دەکرێ بە وردی تیشکی بخەیتە سەرچۆنیەتی بەشداریکردنی شاندەکەتان؟.

شاندەکەمان بە مەبەستی سەردانی یابان لە رۆژی ٢-٨-٢٠٠٧ لە کوردستانەوە بە رێکەوتین دوای وەرگرتنی ڤیزا و ئامادەکاری سەردانەکەمان لە عەمانی پایتەختی ئوردنەوە بەرەو فرۆکەخانەی دوبەی بەرێکەوتین و لەوێشەوە راستەوخۆ دوای ١٠ سەعات گەیشتینە فرۆکەخانەی Osaka لە یابان .لە ئۆساکا لەلایەن نیشیتانی بەریوەبەری منالپاریزانی یابان بەشی عیراق و مولحەقی ئیداری سەفارەتی عیراق بەریز محمد العبیدی پیشوازی کراین و دوای پشوویەکی کەم بەرە و هیرۆشیما بەرێکەوتین.

پرسیار: وەفدەکەی ئێوە لە چوارچێوەی وەفدێکی رەسمی حکومی دابوو یان وەکو گروپ و رێکخراوی سەربەخۆ بەشداریتان کردووە؟.

ئێمە وەکو رێکخراوی دۆستایەتی کوردی- یابانی ئەم سەردانەمان کرد بەڵام وەك پشتگیری و پردی پەیوەندی لە نێوان گەلی کورد و یابان و حکومەتی هەرێم.

پرسیار : ئەگەر لە چوارچێوەی شاندنی رەسمی حکومەتدا نەبوون, دەکرێ کورتەیەکمان لەسەر مێژوو و کاروچالاکی رێکخراوەکەتان بۆ باس بکەیت ؟.

رێکخراوەکەمان ماوەی کەمتر لە ساڵێکە دامەزاوە و بە رەسمی ناسراوە و مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە و یەکەم هەوڵی رێکخراوەکە پەیداکردنی هاوکاری و یارمەتییە بۆ لێقەوماوانی کارەساتەکانی چەکی کیمیاوی هەر لە بالیسان و شێخ وەسانان و بادینان و هەڵەبجە و تەنانەت بەپێی توانا بۆ ئەنفالکراوەکانیش لەبەر ئەوەی رێکخراوەکەمان بۆ هەموو کوردستانە و تایبەت نییە تەنها بە ناوچەیەك یان شارێك و لە هەوڵی بەردەوام دەبین بۆ ئەو مەبەستە ,سەرەتا لە وەزارەتی دەرەوەی یابان داوامانکرد هەوڵبدرێت بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەك و پەلەکردن لە دروستکردنی لە شاری هەڵەبجە کە پێشتریش داواکرابوو.

پرسیار : ئەو کارانەی ئەو رێکخراوە دەتوانێ وەکو خزمەت پێشکەش بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکات چین و لە چ بوارێکدان؟ .

١-هەوڵدان بۆ هاندانی سەرمایەدارانی یابان بۆ کاری وەبەرهێنان لە کوردستان و روونکردنەوەی زیاتری ئەو بارودۆخە ئارامەی کە لە کوردستان بەرقەرارە کە کوردستان ئارامترین هەرێمە لە عیراق.

٢-هاندانی رێکخراوە خیرخوازەکانی یابان کە پشتگیر و پالپشتی گەلی کورد و حکومەتی هەرێم بن.

٣-ئالو گوری خوێندکاران و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی چەندین ساڵەیان لە هەموو بوارەکانی زانستی, ئابووری, کشتوکاڵی, پیشەسازی و هتد......

پرسیار : ئێوە کە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی (یابان) و باڵوێزخانەی عیراقتان لە یابان کردووە, پەیوەندی نێوان هەردوو حکومەت لە چ ئاستێکدا دەبینن بە تایبەت کە دوای جەنگی جیهانی دووەم یەکەمجارە هێزەکانی یابان لە دەرەوەی سنوری یابان لە چوارچێوەی هێزێکی نێودەوڵەتیدا ئەرکێکی نێودەوڵەتی وەئەستۆ دەگرن؟.

دیارە دەوڵەتی یابان دوای جەنگی جیهانی دووەم هەوڵی سەرەکی گەڕانە بەدوای ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی بۆ گەلی خۆیان و گەلانی جیهان هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە لە سەردانەکەمان بۆ وەزارەتی دەرەوەی یابان ئەوەمان بەدی کرد و بەڵێنیان پێداین هاوکارمان بن و بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و دیموکراسی لەگەڵمان بن. پەیوەندی عێراق و یابان بەرە و پێشکەوتن دەچێت و لەم ماوەیەدا یابان منحەی زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ عیراق تەرخان کردووە و لە رێگەی خۆیانەوە تا رێژەی ئەو برە پارەیە پرۆژە جێبەجێ دەکەن. مەبەستیانە عیراق ئارامە بەخۆیەوە ببینێ وئاشتی بەرقەرار بێت.

پرسیار : نوێنەرایەتی کورد هەیە لە باڵوێزخانەی عیراق لە یابان لە چ ئاستێکدایە ؟.

بەداخەوە کورد لە یابان نوێنەرایەتی نی یە و لە باڵوێزخانەی عێراق لە یابان کورد نییە.

پرسیار : سەرۆکی ئەو رێکخراوەی هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکەی ئێوەدا هەیە, ئێستا جێگری سەرۆك وەزیری یابانە, چۆن دەتوانین سوود لەو پەیوەندییە وەربگرین بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان.

ئێمە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد و پالپشتی حکومەتی هەرێم لە رێگەی ئەو دۆستایەتیەی هەمانە لە گەڵ بەرپرس و هاولاتیانی یابان هەموو هەولێك دەدەین وپردی پشتیوانی دەبین بۆ گەلەکەمان.

پرسیار : یابان لە چوارچێوەی وەلاتانی کۆمەك بەخش بڕی حەوت سەد ملێۆن دۆلاری پێشکەش بە عێراق کردووە, ئەوەی ئێمە بزانین , یابان ئامادە نیە پارەکە وەکو مەبلەغ تەسلیم بە عێراق بکات, بەڵکو ئامادەیە بەقەد ئەو برە پارەیە پرۆژە لە عیراق جێبەجێ بکات, ئەوەندەی ئێوە ئاگاداربن لەو برە پارەیە چەندی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوەو چ پرۆژەیەکی پێ جێبەجێ دەکەن؟.

بە داخەوە لەو برە پارەیە کە بە شێوەی پرۆپۆزەل دەبێت بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی یابانی ڕەزامەند بێت , ئەوەی ئێمە زانیمان هیچ پرۆژەیەك بەر هەرێمی کوردستان ناکەوێت لەو برە پارەیە لەبەر ئەوەی ئەو پرۆپۆزەلەی کە نێردراوە جێگەی ڕەزامەندیان نەبووە.ئێمە داوامانکرد هەرێمی کوردستان فەرامۆش نەکرێت و هەوڵدەدەین بەردەوام لەسەر خەت بین لەگەڵیان بۆ ئەو مەبەستە.

پرسیار : دەکرێ ئەگەر بە کورتیش بێت, ئەو شتانەی لەو سەفەرە زۆر سەرنجیان راکێشاون بۆمان باس بکەن؟.

لەو سەفەرەماندا ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاین دڵسۆزی ئەو میللەتەیە بۆ خاك و وڵاتیان و هاوڵاتی هەستی بەرپرسیاریەتی زۆر بەرزە . خاڵێکی تر سوودیان لە خاکەکەیان وەرگرتووە و تەنانەت بستێکیان بە فیرۆ نەداوە و دوای ئەو کارەساتە گەورەیەی هیرۆشیما وڵاتەکەیان بەرەو وڵاتێکی پیشەسازی گەورە بردووە سەد دەر سەد پشت بە تواناکانە خۆیان دەبەستن و هەموو شتێك لەو وڵاتە بوونی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان سەرکەوتوون.

پرسیار : ژمارەی جالیەی عیراقی و کوردی لە یابان لەچ ئاستێکدایە ؟

ژمارەی عیراقی بە کوردیشەوە لە یابان زۆر کەمە تەنانەت ناگاتە ٧٠ کەس .

پرسیار : خەڵکی یابان تا چ ئاستێك هەست بە بوونی هەرێمی کوردستان عیراق دەکەن, ئەگەر لە ئاستێکی نزمدایە بە رای جەنابتان بۆ ئەو مەبەستە چی بکرێت باشە ؟.

تا ڕادەیەك لە نێو بەرپرسەکان کورد ناسراوە بەڵام لە ئاستی ناو وڵات و هاوڵاتیان بەو شێوەیە نییە هەر بۆیەش ئێمە هەوڵەکانمان چڕکردۆتەوە و مەبەستمانە بۆ هەموو ئاستەکانیان کاربکەین و هەر بۆ مەبەستە داوامان کردووە تیمێکی تەلەفزیۆنیان بنێرن بۆ کوردستان بۆ گواستنەوەی واقعی کوردستان بۆ گەلی یابان و رەزامەندیانپیشانداوە و بە نیازن لەم ماوەیەدا سەردانی کوردستان بکەن.

پرسیار : هەر شتێکی تر کە جەنابتان بە پێویستی بزانن لە رێگەی هەفتەنامەی هەڵگۆردەوە رایبگەێنن.

ئێمە بۆ ئەوەی زیاتر واقعی کوردستان پیشان بدەین و دۆستایەتی کوردی- یابانی قوڵتر بکەینەوە بە سوپاسەوە رێگەیان داین لە کۆنفراسی International Coalition to Ban Uranium Weapons ووتەمان هەبێت و ئەوە بوو بەندە بە نوینەرایەتی وەفدە کە و کورد بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە بە زمانی ئینگلیزی وتارمان پێشکەش کرد و لە بەردەم نوینەرانی وڵاتان و چەندین دەزگا و هۆکانی ڕگەیاندنی یابانی و جیهانی بە جل و بەرگی کوردیەوە ووتەکەم پێشکەش کرد. هەروەها لە رێکەوتی ٨-٨-٢٠٠٧ لە Tokyo لە ناو سەفارەتی عێراق لە یابان لەگەڵ بەرێوەبەری شنەبای یابانی(ئەم رێکخراوە زیاتر لە ١٠ ساڵە لە کوردستان کاردەکات) کۆبوونەوەمان کرد و ئالوگۆری بیر و ڕاکانمان کرد و هەوڵمانداوە و گەیشتینە ئەوەی کە لەمەو دوا لە پەیوەندی بەردەوام دابین لەگەڵ یەکتر و بۆ سوود گەیاندن بەهەردوو گەلی دۆست. چەندین دیدار و پەیوەندی ترمان ئەنجامداوە کە لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامیان دەبێت و وەکو پردێکی پەیوەندی بۆ هەر دوو گەلی یابان و کورد بەهەمیان دەبێت.



# خەڵکی قەسرێ کۆمەك بۆ دروستکردنی پرۆژەکانیان کۆدەکەنەوە

■ ئا: هەڵۆ مەلا

دوای گەڕانەوەی مامۆستا ملا ئادم بۆ قەسرێ ماوەی چوار ساڵە خەڵکی ناوچەکە پارە کۆدەکەنەوە بۆ دروست کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بۆ ناوچەکە و پرۆژەی زۆریان ئەنجام داوە بەڵام لەم ماوەیە پرۆژەکان وەستان بەهۆی لەسەر کارلابردنی مەلا ئادەمەوە، ناوبراو لەبارەی پرۆژە کۆنەکانیان بە هەڵگۆردی ڕاگەیاند: ئەو کەسانە کە پارەکە ئەدەن خەڵکی خێر خوازی ناوچەکەن و ڕێژەی پارەکە مانگانە دەگۆرێت و لە لایەن چەند کەسێکی خێر خواز کۆ دەکرێتەوەو ئەوەشی نەشاردەوە کە کۆکردنەوەکە کارێکی هێندە ئاسان وخۆش نیە وهەشت کەس سەرپەرشتی سندوقەکە دەکەن وهیچ لایەنێکی سیاسی دەستی لە کارەکە دانیە ونەهاوکاریمان دەکەن و نەرێگریشن لێمان، لە بەشێکی تری قسەکانی پێشنوێژو ووتار خوێنی پێشوی مزگەوتی گەورەی قەسرێ باس لە گرفتەکانی بەردەمیان دەکات وەك نەبوونی شۆفلێ لە کاتی پێویست وە نەبوونی نەجارو وەستای دانانی دیوارو هتد...

بەو پارەیەی کە مانگانە لە خەڵك وەر دەگیرێت چەندین پرۆژەی جوانیان ئەنجام داوە وەك ئەمانەی خوارەوە:

١. دروست کردن و چاککردنەوەی کۆلی ئاژەڵان.
٢. دروست کردنی جامخانەی مزگەوتی گەورە ساڵی(٢٠٠٤)
٣. کڕینی گەسکی کارەبایی و دووئامێری دەزگای بانگ دان٢٠٠٤-٢٠٠٦ بۆمزگەوتی گەورە.
٤. کڕینی گەرشی بەرماڵی چوارقۆناغ تەواو کرا(٢٠٠٤-٢٠٠٥)
٥. ئەنجامدانی سێ پرۆژە وەك دروست کردنی سێ پرد یەکێکیان دەشێ بۆ ئۆتۆمبێل.
٦. دارشتنی خانووی قەبرستان بە شیش و چیمەنتۆ.
٧. دروست کردنی بلۆکی تایبەت بۆ قەبر بایی (٤٥) قەبر ئامادەن.
٨.دروست کردنی جامخانەو کەپری پشت هۆڵی بۆنە ئایینیەکان.

